**وەزارەتی ئەوقـاف وکاروبـاری ئـایینی**

**ژمـــــارە : ٣٤٩٧ لــــــە ٢٠١١/٦/١٣**

## بــەيــان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

١. گـــۆڕینی نـــاوی (بەڕێوەبەرایـــەتی موڵکـــەکانی ئـــەوقافی ســـلێمانی) بـــۆ (بەڕێوەبەرایـــەتی موڵکـــە وەقفـــەکانی پارێزگای سلێمانی) .

٢. گۆڕینی ناوی هۆبەی (موڵکەکان) لەهەمان بەڕێوەبەرایەتی سەرەوە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی تـری ئـەوقاف و کاروبـاری ئایینی شار و شارۆچکەکان بۆ هۆبەی (موڵکایەتی) .

٣. ئەم فەرمانە کاری پێ دەکرێت لەبەرواری دەرچوونی .

**کامل حاجی علی**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمـــــارە : ١٧٩٣ لــــــە ٢٠١١/٦/٩**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١

پاڵپـــشت بـــەماددەی ســـێیەم لەیاســـایی ســـندوقی پـــشتیوانی پـــرۆژە بـــچووکەکانی لاوان لەهـــەرێمی کوردســـتان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ بڕیارماندا بە :

١. دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان سەربە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کەخاوەن کەسایەتی مەعنەویە دەبێت ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەیاسای سەرەوە رێك خراوە .

٢. ئەم بەیانە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی وەقایعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت .

**ئاسۆس نجیب عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتـــــی نــــــاوخـــــۆ**

**ژمارە : ١١٩٤١ لە ٢٠١١/٥/٣٠**

## بەیانی ژمارە (٢)

گواستنەوەی شوێنی گوندی ساتووقەڵا سەر بەناحیەی تەق تەق و لەبەر ئەوەی ماڵەکانی گوندەکە لەسەر گردی ساتووقەڵا و ئەم گردەش شوێنێکی شوێنەواریە ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :

✓ گواستنەوەی شوێنی گوندەکە لەسەر گردی ساتووقەڵا بۆ گردی (مەلا عەولا) لەسەر زەوی ژمارە (٣٤کەرتی٤٢) وەکو لەنەخشە دیاری کراوە لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**کـــریـم سـنجاری**

**وەزیـــری نـــاوخـــۆ**